# کۆڤید–نۆزده، ڤایرۆسی کۆرۆنا: سەلماندنێکی تر کە سیستمی سەرمایەداری جێگای مەترسییە بۆ مرۆڤایەتی

**ڕەوتی جیهانی کۆمۆنیست – ١٥ی مارسی ٢٠٢٠، ئالێکس**

وەرگێڕ: کامەران ئەحمەد

**سەرهەڵدانی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دواتر ڕێکاروکاردانەوەی چینی دەسەڵاتداری بۆرژوازی لەبەرامبەریدا بۆمان دەرئەخەن کە چۆن هێزەکانی بەرهەمهێن لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا دووچاری مەرگ و لەناوچوون ئەبنەوە. کاتێک چین دووەمین هێزی ئابوری لە سەرتاسەری جیهان  پێکدێنێت بەڵام چۆن لە بەرامبەر پەتایەکی وەک ڤایرۆسی کۆرۆنا توشی ئیفلیجی ئەبێت، لە کاتێکدا زانستی دەرمانسازی کۆمەک بە چوونەپێشەوەی سەرمایەداری ئەکات بەڵام بەهەمان شێوەی دەستەوەستان لە قەیرانی ئابوری و پیسبوونی ژینگە ناتوانێت هاوڵاتیانی خۆی لە بەرامبەر پەتاو نەخۆشییەکاندا بپارێزت.**

**پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنها یەکێک لە زنجیرەی ئەو پەتا گوێزراوەو کوشندانەی وەک ئایدز(HIV)، ئیبۆلا(EBOLA)، سارس(SARS)، مێرس(MERS) ، تای لاسا(Lassa Fever) ، زیکا (Zika)وایە کە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا سەریان هەڵداوە. بەهەمان شێوەی پەتا کوشندە نوێیەکانی پێشترو لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کەشوهەوایانەی کە سیستمی سەرمایەداری لەم ماوەیەدا بە دوای خۆیدا هێناویەتی  لە ڕێگای ئاژەڵەوە گوێزراونەتەوە بۆ مرۆڤ ودواتر کوشندانەتر لە نێو مرۆڤەکاندا بڵاوبوونەتەوە. ئێمە ئەمڕۆ لەهەر کاتێک زیاتر لە زنجیرەی گرێدراوی ئاڵوگۆڕودابینکردنی بەرهەم و شارستانیداین ، بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا کە زیاد لە نیوەی دانیشتوان لە شارەکاندا لە ژێر خانێکی ناتەندروست و ژینگەیەکی ناخاوێندا ژیان ئەکەن.**

**بەهەمان شێوەی چین کرێکارانێکی زۆر هەن کە نەک تەنها لە شارەکاندا چڕ بوونەتەوە بەڵکو لە چەند هۆڵێکی پڕو ناتەندروستدا پێکەوە ژیان ئەکەن وەک کرێکارانی فۆکسکۆن (Foxconn ) کە هەر هەشت کرێکاریان لە ژوورێکدا ئەژین. لەهەمان کاتدا گۆشتی چەند ئاژەڵێکی کێوی ئەخورێن وەک ئەوەی لە شاری وهانی (Wuhan )چین ڕوویداوە و پێئەچێت بازاڕێکی نایاسایی سەرچاوەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە بێت. ئەمە سەربای ئەوەی کە گۆڕینی کەشوهەوا لەم ساڵانەی دوایی و لەناوبردنی زۆرێک لە ناوچە سروشتییەکان و گەڕان بە دوای خۆراکدا ئاژەڵە کێویەکانی ناچار بە ڕووکردن لە نێوشارەکان کردووە. شارە چڕەکانی هاوشێوەی وهان سەرچاوەیەکی باشی سەرهەڵدان و گەشەی پەتا کوشندەکانە و چوونەپێشەوەی لە ڕاددەبەدەری پەیوەندییە جیهانیەکان هۆکارێکی باشە بۆ بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنیان لە دەرەوە.**

**ئەم بارودۆخە دەرئەنجامی کارکردەکانی سیستمی سەرمایەدارییە کە لە پێناو کەڵەی زیاترو دابینکردنی بەرهەمی زیاد لە پێویست لە هەر گۆشەیەکی هەسارەکەدا بە دوای تێکدان و پیسکردنیەوەن.**

**لێککەوتە دارمێنەرەکانی ئەم بەرفرانیە جیهانییە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کە سەرەتاکانی ئەم کەوتن و پوکانەوەی تیا دەرکەوت بە تەواوی سەلمێندران. لە کۆتایی جەنگدا پەتای کوشندەی ئینفلەونزای ئیسپانی**

سەری هەڵدا. نزیک بە یەک لەسەر سێی جیهانی توشکرد و تەنها لە سێ فازی(قۆناغی) دواى یەکدا بووە گیانلەدەستدانی نزیک بە پەنجا ملیۆن مرۆڤ. ڕێژەی مردنەکان پەیوەستبوون بەو بارودۆخە کوشندەیەی کە جەنگی ئیمپریالیستەکان بە برسێتی، بەدخۆراکی، ناخاوێنی، ومانەوەی سەربازانی ناساغ (نەخۆش) لە چاڵە ناتەندروستەکانی بەرەی جەنگ و گوێزانەوەیان لە بەرەکاندا خوڵقاندیان کەزۆر کوشنداتر بوون لە قۆناغی دواترو بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە.

لە بارودۆخی ئێستادا هەمووومان شایەدی گیانلەدەستدانی زیاد لە ٣٢ ملیۆن مرۆڤین بە هۆی ڤایرۆسی ئایدز(HIV )ەو کە بووتە کوشندەیەکی هەمیشە ئامادە بە تایبەت لە ئافریکا. سەرباری پێشکەوتنی زانستی دەرمانسازی بەڵام ئایدز لە پەتایەکی کوشندەوە بووەتە پەتایەکی درێژخایەن ( مزمن) کە تەنها لە ساڵی ٢٠١٨دا بەهۆی نەبوونی چاودێری پێویستەوە بووەتە هۆکاری گیانلەدەستدانی زیاد لە ٧٧٠ هەزار کەس. زۆرێک لە نەخۆشیەکانی تر کە زانستی دەرمانسازی ئەتوانێت چارەیان بکات هەر وەک خۆیان ئەمێننەوە و ئەبنە گیانلەدەستدانی زیاتر.

دەربارەی سەرهەڵدانی چەند حاڵەتێکی سورێژە لە ئەمریکا، بە تایبەت لە ساموئا(Samoa) و باسی گرنگی بەرگری لەش و پەکخستنی لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەبیستین، بەڵام میدیا بێدەنگە لە ئاست توشبوونی زیاتر لە سێ سەد هەزار مرۆڤ و گیانلەدەستدانی زیاتر لە شەش هەزار منداڵ لە ولاتی کۆنگۆ. لە کاتێکدا دامەزراوە تەندروستی و چاودێرییەکان کە شایانی بەزەیی پیاهاتنەوەن ئەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ پەتای ئیبۆلا بکەن.

ئەم پەتاو مردنانە هیچ گرنگیەکیان لە لایەن چینی دەسەڵاتدارەوە نییە لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی پەتای ئەنفلوەنزای مەکسیکی ساڵی ٢٠٠٩ و ڤایرۆسی کۆرۆنای ئێستا بە هەمان بڕ هیچ هەڕەشەیەکی ئەوتۆ بۆ سەر بەرهەمهێنان و قازانج دروست ناکەن. بەڵام سیستمی سەرمایەداری هۆکاری خوڵقاندنی ئەو بارۆخەیە کە ئەبنە سەرهەڵدانی پەتا کوشندەکان: بۆ نمونە لەم بارەدا وڵاتێکی ناجێگیری وەک کۆنگۆ کە دەرئەنجامی ئەنجن ئەنجکراوی چڵێسی هێزە ئیمپریالسیتیەکانە بۆ سەرچاوە سروشتیەکانی وەک ( ئاڵتون، ئەڵماس، نەوت و کۆباڵت) کە بووتە گیانلەدەستدانی بێشوماری مرۆڤەکان بە درێژایی مێژوویەک، زیاد لە سەدا پەنجای بەرهەمە کانزاکانی ڕەوانەی چین ئەکات. ئەمە نمونەیەکی بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە کە دارِزان و لەبەریەکهەڵوەشاوی سیستمی سەرمایەداری لە ساتێکدا کە توانای کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکانی نییە و ئامادەیە جەنگێکی تری خوێناوی بەرپا بکات ئەخاتەڕوو، لەبەر ئەوەی لەم ساتانەدا توانای تێکشکاندنی چینی کرێکار نییە، و چینی کرێکاریش لە ئاستێکدا نییە کە خەباتەکەی سنورێک بۆ هەڕەشەکانی دابنێت. ئەم کاتانە هاوشێوەی ساتەکانی دارِمان و لێکهەڵوەشاندنەوەی بلۆکی ئیمپریالیزمی ڕوسیاو سەرهەڵدانی پشێوی و جەنگی وڵاتە نێوخۆییەکانە.

مانەوەی ( ئیفلیجی منداڵ) پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم لێکترازانەوە هەیە، کاتێک ڕێگری لە خەبات دژی ئسوڵیەکان ئەگیرێت،لەو کاتانەدا کە کرێکارانی تەندروستی لە لایەن جیهادییەکانەوە وەک ئەوەی لە پاکستان ڕوو ئەدات تیرۆر ئەکرێن، بانگەشەی زلهێزەکان کە سەرکۆنەی ئەم کردەوانە ئەکەن دووڕووییەکە بۆیان، بۆ خۆیان ئامادەن لەم ساتانەدا بە بەربڵاوترین شێوە دەست بە بکوژو بەکرێگیراوەکانیانەوە بگرن و بەکاریان بهێنن- هەروەکو چۆن بلۆکی ڕۆژئاوا لە ناکۆکیەکانی لە بەرامبەر

بلۆکی ڕوسیا لە ساڵەکانی ١٩٨٠ و دواتردا دەستیان بە موجاهیدەکانی ئەفغانەوە گرت- لە ڕاستیدا تیرۆریزم یەکێک لە ناسێنەرەوەکانی ناکۆکی ئیمپریالسیتەکانە لە کاتی لێکترازان.

لە جیاتی تەرخانکردنی بودجە لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە لە ئاستی جیهان بودجەی بواری بەرگری لە ساڵی ٢٠١٩ بە ڕێژەی ٤%  لە چاو ساڵی ٢٠١٨ زیادی کردووە. بۆ ئەمریکا و چین بەرزبوونەوەی ڕێژەکە  لە ئاستی ٦%  و بۆ ئەڵمانیاش گەیشتۆتە ٩% . برو ڕێژەی پێشێتی ( پرایۆرتی) چینی بۆرژوازی بۆ کایەکانی ژیان جێگای سەرنجە، ڕێژەیەک کە موچرکە بە گیانی مرۆڤدا دێنێت ئەوەیە کە لە کاتێکدا بودجەی سەنتەری کۆنترۆڵکردنی پەتا(Centre for Disease Control) لە ئەمریکا لە ڕێژەی ٨،١٠ ملیارد دۆلارەوە لە ساڵی ٢٠١٠ کەم ئەکرێتەوە بۆ ٦،٦ ملیارد دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەمە لە کاتێکدایە کە بودجەی بەرگری بە بڕی ٧٣٨ ملیارد دۆلار زیاد ئەکرێت.  بودجەی بەرگری ساڵانەی چین بە بڕی ٢٥٠ ملیارد دۆلار مەزندە ئەکرێت لە کاتێکدا کە ڕێکخراوێکی وەک ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) تەنها بودجەی ١،٥ ملیارد دۆلاری هەیە لە ساڵەکانی ٢٠١٦-٢٠١٧دا.

درۆکردن و گەمژەیی

هەر لەئێستادا چەندین نەخۆشی هەن کە لە کۆرۆنا زیاتر هۆکاری مردنن، بەڵام چینی بۆرژوازی کاتێک ئەم نەخۆشییانە (وەک هەر نەخۆشیەک کە ئەکرێت ببێتە پەتای گشتگیر) بە مەترسی و کوشندە ئەزانێت کە هەڕەشەی زیاتر لە بەرهەمهێنان و قازانج بکەن، بۆ نمونە هۆکاری بەرزبوونەوەی نەچوونەسەرکار وەک ئەوەی ئێستا لە چین ڕووئەدات.

زۆرێک لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە هەن کە ئەیانکەنە پەتایەکی گشتگیر، خێرا بڵاوبوونەوەی، سروشتی نەخۆشییەکە. ئەوەش گرنگە ئاماژەی پێ بکەین کە نەخۆشییەکە لە شارێکی وەک وهان سەری هەڵداوە کە شارێکە یانزە ملیۆن مرۆڤ تیایدا ژیان ئەکەن و لە تۆڕێک لە پەیوەندی توندتۆڵی بەرهەمهێنان و گەشتیاریی بە  جیهانەوەی گرێداوە کە کارئاسانی کردووە لە تەشەنەکردن و بەربەستێکە لە بەردەم بڵاونەبوونەوەی خێرای بە هەموو جیهان.  زۆر لە کاتی سەرهەڵدانی ئیبۆلا لە ئافریکا یان سەرهەڵدانی پەتای سارس لە ٢٠٠٣ ئەستەمترە کاتێک کە ئابوری و پەیوەندییەکان بەم ئاستەی ئێستا بەربڵاونەبوون.

ژمارەیەکی زۆری کاردانەوەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکەوە لە چین بە بێبایەخی و نەزانییەوە وەلانران. لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی چین لە ٢٦ ی دیسەمبەری ٢٠١٩ زانیارییە سەرەتاییەکانی جیناتی ڤایرۆسەکەیان بەدەست گەیشتبوو، کە ئاماژە بە پێشینەی جینانی ڤایرۆسی سارس ئەکەن ، پەلاماری دکتۆر لی ویلیانگ (Dr. Li Wenliang ) یان دا کە لە ٣٠ ی دیسەمبەردا مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەی ڕاگەیاندبوو. لە هەمان کاتدا ئاگاداری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییان کردەوە دەربارەی مەترسی ڤایرۆسەکە. بەڵام دەسەلاتدارانی وهان زانیارییەکانیان لەسەر ئەم پەتا کوشندەیە شاردەوە  و لە ڕۆژەکانی  ١٨ و ١٩ی جەنیوەری ٢٠٢٠  ئاهەنگی گەورەی کۆبوونەوە و خواردن و سەمایان بە بۆنەی ساڵی نوێی مانگییەوە ساز کرد، وایان پیشان ئەدا کە پەتاکە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر ناگوێزرێتەوە، تا ئەو کاتەی کە لە ٢٣ ی جەنیوەری دەرگاکانی شارەکەیان بە تەواوی داخست بەڵام ئەو کاتانە پێنج ملیۆن کەس ، نزیک بەنیوەی دانیشتوانی شارەکە ، لە گەشتو پشووی سەری ساڵی نوێ بوون.

ئەمە بووە هۆکاری تورەیی‌و بێزاری خەڵک، تورەییەک لە دەوڵەت کە مەترسی ئەم پەتایە لە خەڵک ئەشارێتەوەو پزیشکێک ناچاربە پرکردنەوەی بەڵگەنامەیەک بە تاوانی " بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە" پێش ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتداران کرا. ئەمە بووە سەرهەڵدانی کەمپینێک بۆ ئازادی رادەربرین لە چین. میدیاکان و سیاسەتمەدارانی رۆژئاواش ئەم کەمپەینەیان بۆ هەلێک بۆ ئامۆژگاریکردن لە سوودەکانی دیموکراسی و ئازادی رادەربرین قۆستەوە.

ئێمە ساتێک نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە چینی سەردەست ( چینی بۆرژوازی) کەمترین دوودڵییان هەیە بۆ درۆکردن و شاردنەوەی زانیاری، تەنانەت ئەگەر ژیانی مرۆڤایەتیش بخەنە بەردەم هەرەشەو مەترسی مەرگ هەرکات کە ویستیان وبۆیان بلوێ‌و بگونجێت. کۆمپانیاکانی دەرمانسازی هەرەشە لە پشکنینەکانی دەرمانگەیی ئەکەن کە گوایە سوودو قازانجی ئەوان ئەخەنە بەردەم مەترسی، تەنانەت ئەمە بە مانای ئەوەشە کە هیچ ئاگاداریکردنەوەیەکی خەڵکیش ناکەن لە بارەی هەندێک دژە خەمۆکییەوە (antidepressiva) کە بوونەتە هۆکاری چوونەسەری رێژەی خۆکوشتن لە نێوان تەمەن دەییەکان (tieners )و گەنجاندا ( بروانە کتێبی Bad Pharma ی بێن گۆڵداکر، کتێبێک دەربارەی نادادییەکانی کۆمپانیاکانی دەرمانسازیی). حکومەتەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بێشەرمانە درۆی گەورەیان دەربارەی چەکە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق بۆ سازکردنی جەنگ لە ساڵی ٢٠٠٣ کرد .

دەوڵەتی چین زۆر خەمساردانە رەفتاری کرد کاتێک کە دەسەڵاتی خۆی، دەرئەنجامی سیاسەتی توندی بیرۆکراتیەتی ستالینی، خستە پێش و سەروو تەندروستی و چاودێری ژیانی خەڵک، کە بووە هۆکاری ئەوەی لەسەرەتا پەتاکە لە گۆزەدا سەری داپۆشرێ لە کاتێکدا ئەکرا سوود لە کات ببینرێت بۆ رێگەگرتن لە تەشەنەو بڵاوبوونەوەی پەتاکە. ئەمە لە لایەک درندەیی رژێمەکە پیشان ئەدات کە هیچ گوێ بە گیانی مرۆڤەکان نادات، هەروەها لە لایەکی ترەوە گەمژەیی خۆیان ، چونکە کارکردن لە کاتی خۆیدا نەک هەر گیانی مرۆڤەکانی ئەپاراست بەڵکو لە هەمان کاتیشدا رێی لە دارمانی زیاتری ئابوریش ئەگرت- ئەکرا چاوەروانی ئەم هەنگاوەمان بکردایە – کە ئاستی زیانی جیۆرێی چینی وەک هێزێکی گەشەسەندوو بە دەستپێشکەری و لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە لەسەر ئاستی جیهانی کەمتر بکردایەتەوە .

کاردانەوەی گەمژەیی چین بەرامبەر پەتاکە ئەکرێت پەیوەست بە پارانۆیای(بیرکردنەوەی ناتەندروست) لەدەستدان و کۆنترۆڵکردنی هێزەوە بکەین، پارانۆیەیەک کە لە کەمپە گەورەکانی کارکردن و کەمپەکانی چاکسازیی ئیگۆرەکان و کەمینەکانی ترەوە سەرهەڵئەدەن، لە مەیلی بۆ تەکنەلۆژیای ناسینەوەی دەموچاو، و سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی، و فشار بۆ خۆبە بەرپرسیارزانینی خەڵک خۆیان، کە لە پێناو پاراستنی جیۆرێ و پایەی دەسەلاتدارێتی خۆی لە ئاستی دنیا ناتوانێت دان بە بوونی گرفتەکان و مەترسیەکاندا بنێت.

رێکارە تەندروستییە سەرکوتگەرەکان

کەرەنتینەکردنی زیاد لە یانزە ملیۆن دانیشتووی وهان لە رێگای داخستنی تەواوی رێگاکانی گواستنەوەوە و دانانی بەربەستەکانی هاتووچۆ لە پێشینەن ئەنجامدانی ئەم رێکارانە و لە لایەکی تر کاتدا رێگەدان بە نیوەی دانیشتووانی شارەکە تا بە جێی بهێڵن، بارودۆخەکە دژوارتر ئەکات. دروستکردنی دوو نەخۆشخانەی نوێ کە ٢٦٠٠ قەرەوێلە لە خۆ بگرێت لە ماوەی دە رۆژدا جگە لە پرووپاگەندەیەکی سەرنجراکێش هیچی تر

نییە. وەک دەستکەوتێکی سەرنجڕاکێشی بواری ئەندازەسازیی دێتەپێش چاو (تەنانەت ئەگەر لە کاتی خۆشیدا تەواو نەکرێت) ، بەڵام ئەمە ناکاتە فەراهەمکردنی ئامێرەکانی پشکنین، یان دابینکردنی پزیشک ویاریدەدەرو پەرستاران کە بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکە پێویستن، تەنانەت ئەگەر پڕکردنەوەشی بێت بە پزیشکانی سوپاو خۆبەخشەکان لە ناوچەکانی تر. لە وهان و ناوەندەکانی کەرەنتینەکردن کە سەرجەم پڕکراون لە  هەزاران توشبوو تەواو ماندوون، ژمارەیەکی زۆر توشبووان سەرباری نەخۆشخانەش ناتوانن بێنە ناوەندەکانی کەرەنتینەکردن. نەخۆشەکانی تر بە هۆکاری تر(جگە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا) ، بۆ نمونە وەک شێرپەنجە، ناتوانن بێنە نەخۆشخانەکان لەبەر ئەوەی هەموو قەرەوێڵەکان پڕن. نەخۆشەکانی تر یان ئەوانەی کە لە لێواری ئازاری مەرگدان لە ناوەندەکانی کەرەنتینەکردن لە چاودێریی پەرستاریی بەهرەمەند نین. ناوەندەکان سەدان ناساغیان لە دەوری یەک کۆکردۆتەوە، لەسەر جێگاو دۆشەک تەنانەت ڕاخراو لەسەر زەوی ژوورەکان، بە دەمامکی پەرەیی جێگووماناوی(ناتەندروست بە پێی پێوانەکان -ستانداردەکان) پڕکراون، بە بێ بوونی دەستشۆرو ئاودەستی گونجاو، تەنانەت هەندێک جار ئاودەست و خۆشۆری سەفەری کە لە دەرەوەی سەنتەرەکان دانراون.  لێرە زۆر بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە تەنانەت ئەگەر یەکێکیش ناساغ نەبێت و ڕوو لەوێ بکات ئەبێتە هەڵگری ڤایرۆسەکە. کەسانێک کە جێی گومانن لە هەڵگرتنی ڤایرۆسەکە بە زۆر لە ناوەندەکانی کەرەنتینەکردن دەئاخنرێن، هەواڵەکان باس لە گیانلەدەستدانی منداڵێکی کەمئەندام ئەکەن کە پاش ئەوەی دایکو باوکە گوماناوییەکەی ڕاپێچی ناوەندێک ئەکرێت لە بەر بێ خزمەتی و لە برسانا گیان لەدەست ئەدات، ئەمە وەک ڕاهێنانی خەڵک لەسەر توندوتیژی دەمودەزگای پۆلیسی و دەوڵەت وەک لە گرتنەبەری ڕێکاری تەندروستی بۆ یارمەتیدانی خەڵک دێتە پێش چاو.

کۆکردنەوەی خەڵك بەم شێوەیەی ئێستا لە ناوەندەکانی کەرەنتینەکردن، کە تەنها ئەکرێت ببنە سەرچاوەی توشبوون بە ڤایرۆسەکە ئەو نەخۆشخانانەمان بیر ئەخەنەوە کە لە سەدەکانی نۆزدەدا لە ئەوروپا بۆ هەژاران دروست ئەکران کە ببوونە سەرچاوەکانی هەوکردن و بڵاوبوونەوەی زیاتری بەکتریا. هەروەک چۆن لە سەدەکانی حەڤدە تاکو نۆزدە ژمارەیەکی زۆری دایکانی دوو گیان بە هۆی نەخۆشی (kraamkoorts ) و کەمتەرخەمی لە پاکوخاوێنی گیانیان لەدەست ئەدا.

کەمی ئامێرە تەندروستییەکان و پشکنین لەگەڵیدا جلوبەرگی خۆپارێزیی بۆ کارمەندانی نەخۆشخانەکان لە پزیشک و یاریدەدەرو پەرستارەکانەوە کە بەدرێژایی چەندین کاتژمێر ماندووانە کار ئەکەن ئەکرێت بە ئاسانی دەرگیری نەخۆشییەکە ببن، هەرئێستا زیاد لە ١٧٠٠ کارمەند لە کاتی کارکردنیان توشبوون کە لە نێویاندا شەشیان گیانی لەدەستداوە.

## لەناوبردنی ناتەواوانەی نەخۆشییەکە

گومانی تێدا نییە لە بارودۆخێکی وادا ژمارەیەکی زۆری توشبووان کە ئەکرا بە چاودێریی تەندروستی باشەوە ڕزگار بکرێن گیان لەدەست ئەدەن. ژمارەی قوربانییەکانی وهان دوو ئەوەندە زیاتر لە هەر جێیەکی ئەم جیهانەن. بەلام دەسەلاتدارانی چین لە خستنەڕووی ژمارەی ڕاستەقینەی توشبووانی پەتاکە بەردەوامن لە درۆکردن، ژمارەکان جێگای گومانن چونکە هەموو حاڵەتەکان دڵنیاناکرێنەوە، هەر بەم هۆیەوەیە کە لە

١١ ی فێبریوەریدا ژمارەی توشبووەکان لە وهان - کاتێک ژمارەیەکی زۆر بە بێ تێست وەرگیران- بەرزبوونەوەیەکی بێئەندازە بە خۆیەوە ئەبینێت. وبەمەش ژمارەی تۆمارکراوانی توشبوو بەرزبۆوە بۆ زیاتر لە شەست هەزار کەس.

پێئەچێت ژمارەی توشبووانی پەتاکە هەر ناڕۆشن بن لە چین. بە پێچەوانەی سنگاپوورەوە کە وڵاتێکی دەوڵەمەندەو لە تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی جیهانیدایە، لە پەتای سارسی ٢٠٠٣ەوە ئامادەسازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتا ئەکات، بەڵام ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی هەژارنشین هیچ ئامادەسازییەکیان نەکردووە. پرۆفیسۆرێکی شارەزا لە زانستی پەتا لە زانکۆی هارڤارد ڕایگەیاند" هەر وڵاتێک کە هاتوچۆی لەگەڵ چیندا هەیە و هیچ توشبوویەکی نەدۆزیوەتەوە ئەبێت زۆر خەمی خۆی بێت". بۆ نمونە ئیندۆنیسیا نزیک بە ٢٣٨ دانیشتووی خۆی لە وهان گەڕاندەوە و بە درێژایی دوو هەفتە کەرەنتینەی کردن، بەڵام تێستی نەخۆشییەکەی نەکرد چونکە تێچوویەکی زۆری ئەوێت. ئەی چی بڵێین دەربارەی بازرگانە ئەفریکایی‌یەکان و ئەو کرێکارانەی کە لە( ڕێگای ئاوریشمی نوێ- یەک پشتێنەو یەک ڕێگا) ەوە وابەستەی چینن. چەندەها شوێنی تر هەن کە بەهرەمەند نین لە ژێرخانی تەندروست و گونجاو بۆ چاودێریکردنی توشبووانی ڤایرۆسەکە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ڤایرۆسە نوێکە لە ١٢ ی جەنیوەری لە ڕووی هێڵکاری جێنیتیکەوە زیاتری لەسەر زانرا، هەنگاوی دواتر ئەوەیە کە دامەزراوەی' هاوپەیمانی بۆ ئامادەسازیی پەتای نوێ'(CEPI) کە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای ئیبۆلای ڕۆژئاوای ئەفریکا کار بکات لەسەر ئامادەکردنی پێکوتەیەک (لقاح) بەو هیوایەی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکە یان تەشەنەکردن ودەرکەوتنی وەک پەتایەکی وەرزیی(هاوشێوەی هەڵامەت) ئامادە بێت. کاتێک کە ئەم بابەتە ئەنوسین بە گرتنەبەری ڕێچکەیەکی( میثۆد) نوێ کار لەسەر دروستکردنی پێکوتەیەک ئەکرێت. ئەم ڕێگایە پارێزراو و دڵنیاترە وەک کارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڤایرۆسێکی مەترسیدار، و هاوکاری خێراتری کردووە لە بەرهەمهێانی پێکوتە بۆ پەتاکانی زیکا، ئیبۆلا، سارس و مێرس. بێگومان ئەبێت سەرەتا لە باری کاریگەری و پارێزراوییەوە تاقیبکرێنەوە و دواتر بۆ مرۆڤە توشبووەکان بەکار بهێنرێن و ئەمەش پێویستی بە کاتە.

بەڵام ئەم توانا سەرسوڕهێنەرەی هێزەکانی بەرهەمهێنان کۆتایی چیرۆکەکە نییە. کورتهێنانێکی زۆری کارگا بەرهەمهێنەرەکانی پێکوتە هەن. گومانی تێدا نییە کە حکومەتەکان کە دەرگری ئەم پەتا کوشندەیەن تا ئەو کاتەی کە پێداویستییەکانی ناوخۆییان پڕ ئەکەنەوە لە ژێر ناوی پاراستنی ئەمنی قەومی دەست ناکەن بە ناردنە دەرەوەی پێکوتەکان بۆ ولاتانی تر. پێویستە لەسەر دامەزراوەی (CETI) پلانی گونجاوی بۆ دروستکردن پێکوتە لە چەندین شوێنی جیهان هەبێت.

دەرهاویشتە ئابورییەکان

ئابوری چین چووەتە باری وەستانی تەواوەتییەوە لەبەر ئەوەی تەواوی ڕێگاکانی وڵات داخراون بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی زیاتری ڤایرۆسەکە. وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەریدا دەوڵەت پەمپی دارایی بواری ئابوری ئەکات، سەرپەرشتیاری میللی بانکەکان بە دوای ئاسانکردنەوەی ڕێکارەکانەوەن بۆ قەرزە داواکراوەکان. چین هەرئێستا بەرپرسیارە لە دابینکردنی ١٦% ی بانکی (BNP)زیاد لە چوارئەوەندەی ئەو بڕەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا و لە کاتی سەرهەڵدانی پەتای سارسدا پێویست بوون، لە کاتێکدا کە بانکی

(BNP) به ڕێژەی ١% بەهاکەی خۆی لەدەستداوە. هەرئەمڕۆ ئابوری چین به بەراورد لەگەڵ ١٧ساڵی ڕابردوودا زۆر لەوە زیاتر وابەستەی زنجیرە دابینکردنەکانی بەرهەمهێنانی جیهانییە. هەرئەم هۆکارەیە کە کارگەی هیوندای (Hyundai) بۆ دروستکردنی ئوتۆمبیل ناچار بە داخستن کرد لە کۆریای باشوور، هەروەها کۆمپانیای نیسانی ناچار بە داخستنی لقێک لە یابان کرد ، و کۆمپانیای فیات-کرایسلەر(-Fiat Chrysler) یش ناچار بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەک بۆ داخستنی هەندێک لە بەرهەمە ئەوروپییەکانی کرد. بەرهەمهێنانی تەلەفۆنە زیرەکەکان ئەمساڵ بە ڕێژەی ١٠% دادەبەزن. کەرتەکانی قوماش و چنین ( چین بەرهەمی ٤٠%ی هەموو جیهان دابین ئەکات) و هەموو بەرهەمەکانی مۆبیلات و دەرمانسازی و جوانکاریی کاریگەرییان لەسەر دائەنرێت. ئەمە جگە لە بواری گەشتوگوزاریی.

ئێستا کە چین ڕێژەی ٢٠% ی دەرهێنانی کانزا لەسەرتاسەری جیهان لەخۆئەگرێ. هەوڵ ئەدات لە ڕادەستکردنەکانی نەوت، گاز، خەڵوز کە پێویستی پێیان نییە پەشیمان ببێتەوە. پشکی کۆمپانیا ئەمریکیەکان کە زۆر کاریگەر بوون بە فرۆشییەکانی چین بە ڕێژەی ٥%ی بەهای خۆیان لەدەستداوە. لە جەنگی بەردەوام ونەبڕاوەی بازرگانی کردنیان لەگەڵ ئامریکا بە کاتێکی نەگونجاو خراپ بۆ ئابوری جیهان و خۆشیان تێئەپەڕێت.

ئەم ڕووداوانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن چین ئەکەن بە یەکێک لە ناباوەڕترین هاوبەشە بازرگانەکان لە بواری سەرمایەگوزاریی و، بۆ ماوەیەکی کەمتر ئەیانکاتەوە بە هاوبەشێکی بازرگانی ئیمپریالستی کەم بەهێزو دەسەڵات بۆ کڕیارەکانی لە پرۆژەی ستراتیژی ڕێگای ئاوریشمیی ، هەموو ئەمانە هەموویان گرێدراون بە مەودای خێرایی ئاسانکردنەوەی بارودۆخە ئابورییەکەی لە داهاتوودا.

چارەنوسی ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایە هەرچییەک بێت، ببێت بە پەتایەکی گشتگیروسەرتاپای گۆی زەوی داتەنێت، یان وەک هاوتاکەی سارس ناوبچێت، یان ببێت بە پەتایەکی وەرزی و جارجارە دەرکەوێتەوە، ئەم پەتایە یەکێک لە زنجیرەی ئاگادارینامەکانی ترە بۆ ئێمەی مرۆڤ کە سیستمی سەرمایەداری بووەتە مەترسیەکی جدی بۆ سەر مرۆڤایەتی و ژیانکردن لەسەر ئەم هەسارەیە.

توانابیە مەزنەکانی هێزەکانی بەرهەمهێنانو لە نێویاندا زانستی دەرمانسازیی لە جیاتی پارێزگاریکردنمان لە نەخۆشی و پەتا درمییەکان بە شێوازێکی تاوانکارییانە سەرگەرمی ڕاوکردنی قازانج و خزمەتکردن بە سوودپەرستییە. خزاندنی ژمارەیەکی زۆرتری دانیشتووان بەهەموو لێکەوتە مەترسیدارەکانیانەوە لە شارەگەورەکان بوار بۆ سەرهەڵدانی پەتای کوشندەتر ئەکەن، مەترسیەکانی سیستمی سەرمایەداری تەنها لێرەدا کۆتاییان نایەت، بەڵکو مەترسی پیسبوون و تێکدانی ژینگە، و سەرهەڵدانی جەنگە خوێناوییە ئیمپریالیستییەکانیش بە دوایدا لە ئارادایە.

ئالێکس

١٥ ی مارسی ٢٠٢٠

ڕوونکردنەوەکان:

- **دەوڵەتی ساموای سەربەخۆ دەوڵەتێکە لە ئۆقیانووس، لە ساڵی ١٩٦٢ەوە سەربەخۆی لە نیوزلەندا وەرگرتووە و خاوەن دوو دوورگەی گەورەیە.**

- **ئیگۆرەکان یەکێک لە کەمینە نەتەوەییەکانە لە چین و دووچاری چەوساندنەوەی زۆرن.**

- **ڕێگای ئاوریشمی نوێ یان یەک پشتێنەو یەک ڕێگا ، ڕێڕەو و پێشنیازێکی نوێی چین بوو بۆ گەشەپێدان و بازرگانیکردن لە نێوان زیاد لە شەست وڵات.**

- **نەخۆشی (kraamkoorts) جۆرێک نەخۆشی بوو لە نێو دایکانی دوو گیان کە تازە منداڵەکەیان ئەبوو لە سەدەکانی حەڤدە تا نۆزدە سەریان هەڵدا و بووە هۆکاری گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی کەمتەرخەمی لە خاوێنی، ئێستا ئەو نەخۆشییە زۆر بەدەگمەن هەیە بەهۆی پاکوخاوێنی و بەکارهێنانی ئەنتی بایۆتیک.**